*Journal of Language Studies.* **Vol.7, No.2, 2023, Pages (132-150)**
**DOI: https://doi.org/ 10.25130/lang.7.2.6**

IRAQI Academic Scientific Journals

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: http://www.iasj.net/iasj/journal/356/about

# The Conflicts of Social Phenomena and their reflection in Kurdish Literature, Mufti Penjweni's Poems for instance

**Dr. Naz Ahmad saeed***
**Sulaymaniah General Education / Training**
**Naz.saeed@univsul.edu.iq**

**Received:** 10 /5 /2023, **Accepted:** 18/ 6 /2023, **Online Published: 31 / 10 / 2023**

© This is an open Access Article under The Cc by LICENSE http://creativecommons.org/licenses/by/4.0/

## Abstract

As the poetry is the reflection of the poets thinking & meditation, in the History of Kurdish poetry, the aim was to illuminate the community, especially in the decades after the 20th century. It was the message and tool of changing. Therefore, the Kurdish poets had realized they would be able to raise awareness in society and making difference in life aspects through poetry. They believed they could introduce the community to the progression and prosperity of the other societies, values & new manners. This will have impacts on the psychology and senses of the readers and auditors.

Definitely, accepting and welcoming these changes was not easy. That is why conflicts and struggles will occur between either the author and the community or the author and himself/ herself. This is an attempt to display these conflicts and express them through poetry and to what extent they could have influence on the individuals and make difference in the community .

* **Corresponding Author**:Dr. Naz Ahmad**, Email:** Naz.saeed@univsul.edu.iq
**Affiliation**: Sulaymaniah University - Iraq

According to the above explanation, "The Conflicts of Social Phenomena in Mufti Penjweni's Poems" will be the tile of this research so as to show the conflict which the mentioned poet had demonstrated through his poetry. The research has followed the descriptive & analytical school

**Key Word :** Conflict, Mufti Penjweni , Social Phenomena, Society.

## تضارب وصراعات الظاهرات الاجتماعية وانعكاسها في الادب الكردي

## مفتي بينجوينى نموذجا

**د.ناز احمد سعيد**

**مديرية التربية فى السليمانية/ وحدة التدريب**

**الـمـسـتـخـلـص**

الادب شديد الصلة بالمجتمع ،ويصور الحياة الانسانية عامة و الحياة الاجتماعية على الخصوص ،و مما لاشك فيه أن الشاعربشكل عام والشاعر الكردى خاصة ابن بيئته،يتآثر بها، لكنه فى ذات الوقت يحاول يغير ويؤثر فيها ،فالشاعر يحمل رسالة ، ومن خلال هذه الرسالة تحاول تغيير ما يراه سلبيا فى المجتمع، بمعنى عندما يكون المجتمع أنغمس فى التقليد وفى الجعل ويسير الى الموت يأتى دور الشاعر ليوجيهويساهم هذا المجتمع ويبث فيه رؤية وحياة جديدة ،تجعله قادرا على التقدم الى الامام ، لكن المجتمع لن يتقبل هذا الاصلاح و التغيير بسهولة ، فالقديم يصارع الجديد ، يرفضون أو يجدون صعوبة فى ترك بعض العادات القديمة وان كانت سلبية وعائقا أمام التفكير و الطموح، فيقع الشاعر فى صراع تارة مع افراد المجتمع ومع نفسه تارة اخرى، ويتجه هذا البحث الى أجلاء هذه الظاهرة فى شعر (مفتى پينجوينى) مستقصية وجوهها ومظاهرها المختلفة التى بدت عليها فى شعره.

**الكلمات الدالة:** الصراع ، مفتى پينجوينى، الظاهرات الاجتماعية، المجتمع .

# بەریەککەوتن وململانێی دیاردەکۆمەڵایەتییەکان و ڕەنگدانەوەیان لە ئەدەبیاتی کوردیدا

## موفتی پێنجوێنی وەک نموونە

**د. ناز ئەحمەد سەعید**

پەروەردەی گشتی سلێمانی/مەشق وراهێنان

**پوختە**

بەو پێیەی دەقی شیعریی زادەی بیرو ڕوانینەکانی شاعیرەو دواجاریش ڕەنگدانەوەیان دەبێت لەشیعردا لە مێژووی شیعری کوردیدا بە گشتی زۆربەی کات شیعر وەک پەیامێک کە ئامانج تێیدا هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگایە وێناکراوە ، بەتایبەتی تا ئەم دەیانەی دوایی سەدەی بیستەم پەیام و ئامرازێکی گۆڕانکاری بوو ، بۆیە زۆر لە شاعیرانی کورد درکیان بەوەکردوە دەتوانن لەڕێی شیعرەوە کۆمەڵ وریاو هۆشیار بکەنەوە ، گۆڕانکاری بکەن لە دیدو بۆچونی کۆمەڵ بۆ هەندێ دیاردەی ژیان و ئاگاداریان بکەنەوە لە پێشکەوتنی کۆمەڵگەکانی ترو ئاشناکردنیان بەهەندێ بەها و رەوشتی نوێ کەدواجار کاریگەری دەبێت لەسەر لایەنی دەرونی و هەستی خوێنەر و گوێگرە بەڵام وەرگرتن وقبوڵکردنی ئەم گۆڕانکارییانەش شتێکی ئاسان نییە ،بۆیە ملمڵانێ وکێشمەکێشی ڕوودەدات ،چ لە نێوان نوسەروکۆمەڵگە وە یان نوسەر و خودی خۆیەوە، ئەمەش هەوڵێکە لەپێناو دۆزینەوە و دەرخستنی ئەو ململانێیانە و چۆنیەتی مەزراندنیان لەڕێی شیعرەوە و تا چ ئاستێک توانیویانە کاریگەرییان هەبێت و گۆڕانکاری لەتاکی کۆمەڵ و کۆمەڵگە بەگشتی دروست بکەن.لە سۆنگەی ئەو ڕوانینەی سەرەوە ئەم ناوونیشانەمان بۆ توێژینەوەکەمان هەڵبژارد بەئامانجی نیشاندانی ئەو ململانێیانە لەڕێی شیعرەکانی شاعیرەوە.

**وشەکلیلییەکان:** ململانێ ،موفتی پێنجوێنی، دیاردەکۆمەڵایەتییەکان،کۆمەڵگە.

**پێشەکی**:

ئەدەب بۆ خۆی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و لەژێر کاریگەری کۆمەڵدایە، وەکو چۆن ئەدەبیش کاریگەری لەسەر ڕەوتی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵ هەیە، واتە هەردووکیان کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە، لەم ڕووەوە دەق لەخاوەنەکەی دادابڕێت، لەڕێی لێکۆڵینەوەی ناوەڕۆکی کارەئەدەبییەکانەوە دەیەوێت هۆشیاری دەستە و گرووپەکۆمەڵایەتییەکان دیاری بکات، جیهانبینی شاعیر لەتێڕوانینی بۆ کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگە پیشاندەدات، کە دەتوانین بڵێین چەکی دەستی شاعیرە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردەکۆمەڵایەتییە ناشیرینەکان، بۆ بەگژاچوونی بیری دواکەوتوو و کۆنەپەرستی کۆمەڵگە، لەلایەکی ترەوە جەخت لەسەر ڕۆڵی ئەدەب لەکۆمەڵگەدا دەکات، بەو ئەندازەیەی، کە ئەرکێکی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و چاکسازی لەکۆمەڵدا بگێڕێت، بەمەبەستی ئامادەکردن و هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵ، لەپێناوی بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو و شارستانی وتەندروستدا، باشترین نموونەش بۆ ئەم بابەتە شیعرەکانی (موفتی پێنجوێنی)ە،

**هۆی هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە:** ئەو پەیام و مەبەستانەیە، کە لەشیعرەکانی (موفتی پێنجوێنی)دا هەیە گیانی مانەوە و بەردەوامی وکاریگەری بەبەرهەمەکانی بەخشیووە، وێنایەکی واقیعی کۆمەڵگەی کوردەواری کێشاوە، ڕاستگۆیانە دەدوێت بەوشەی ناسک و جوان و سادەی پڕمانا، بوێرە و لەکەس ناترسێت، خەمی گەورەی بەرەوپێشبردن و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردەوارییە و دەزانێت ئەم کارەش ئاسان نییە و ململانێ و کێشمەکێشی زۆری دەوێت، لەگەڵ ئەوەشدا دڵنیاییە ئەم کێشە و ململانێیانە ڕێگرن لەبەردەم بەرەوپێشچوونی کۆمەڵی کوردەواری.

**گرفتی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت وەڵامی ئەوە پرسیارە بداتەوە ئایا شاعیر چۆن توانیویەتی گرفت و ململانێ کۆمەڵایەتییەکان لەناو شیعرەکانیدا وەك کەرەستەیەکی شیعریی بەگەڕ بخات و دواتر ڕێگا چارەی پێویستیان بۆ بخاتە ڕوو.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکەش پەیرەوی ڕێبازی وەسفیی شیکاریی کردووە

**پەیکەری توێژینەوەکە:** دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە :لەبەشی یەکەمدا بە چەند تەوەرێکی جیاواز باس لەمانە کراوە: پێناسەی ململانێ و جۆرەکانی، پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە، پەیوەندی نێوان ئەدەب و ئایدۆلۆژیا. بەشی دووەمیش تەرخانکراوە بۆململانێی دیاردەکۆمەڵایەتییەکان لەشیعرەکانی موفتی دا تێیدا دیاردە کۆمەڵایەتییەکان شیکراونەتەوە و لەشیعرەکانی موفتی دا پراکتیزەکراون، لە کۆتاییدا وێڕای دەست نیشانکردنی ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان،پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە ڕوو.

**بەشی یەکەم/ ململانێ و پەیوەندییەکانی ئەدەب**

**تەوەری یەکەم: چەمک وپێناسەی ململانێ وجۆرەکانی**

ململانێ: پرسی ململانێ یەکێکە لەپرسە گرنگەکان کەلەگەڵ هاتنی مرۆڤ بۆ سەر زەوی پەیدابووە، مرۆڤ یەکەمجار بۆ چەسپاندن و سەلماندنی خۆی دەستی کردووە بە ململانێ، سەرەتا لەسەر ئاستی تاک، دوایی لەسەر ئاستی ئەو کۆمەڵەی لە دەوروبەری دەژیان ، ئنجا گواستیەوە بۆ کۆمەڵگەکان ودواتر تەشەنەی کرد تا گەیشتە ئاستی وڵاتان.

ئەم ململانێیەش لە ئەنجامی ئەو جیاوازی وناهاوسەنگییەی لەنێوان دەستەوچینەکانی کۆمەڵگەدا هەیە دروست دەبێت.بۆیە دەتوانین بڵێین : "ململانێ حاڵەتێکە لە ڕازی نەبوون و نائاسودەیی یان ناجێگیری دەروونی کە لەئەنجامی بەریەککەوتن و دژیەک بوون یان نەگونجاندن لەنێوان دوو ئارەزوو یان دوو پێویستی یان زیاتر لە ئارەزوو و پێویستییەکانی تاکی کۆمەڵ" (مشاط و خلیفە:١٩٩٥،ل٤) لەڕاستیدا ململانێ خۆی لەخۆیدا یەکێکە لەسیما سەرەکییەکانی لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، لە فەرهەنگدا بەمجۆرە پێناسەکراوە " جیاوازی و ناکۆکی لە نێوان کەسایەتی و خاوەن هێز لە کارێکی درامی یان خەیاڵیدا، بەتایبەتی ئەو ناکۆکییانەی کاریگەری لەسەر گرێی کارەکە دەبێت" (الامام: ٢٠٠٣،ل١٧) کەواتە خاڵی سەرەکی ململانێ لە ناکۆکییەوە دەست پێدەکات، وەلەبەرئەوەی ململانێ فرەلایەن و فرە ڕەهەندە بۆیە پەیوەندی بەهەموو ڕەهەندە جۆربەجۆرەکانی وەکو: کۆمەڵایەتی ، ئابوری ، سیاسی ، ڕۆشنبیری ، مێژووی ، دەروونی...... هتد وە هەیە. هەر یەکێک لەم ڕەهەندانەش لەڕوانگەی خۆیانەوە پێناسەی ململانێ دەکەن، لەوانە: لویس کوزر

زانایەکی کۆمەڵناسی ئەمریکییە دەڵێت: ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی بەهێزە بەرامبەر بەها وداب ونەریتەکان، یان حەزو ئارەزووە بۆ بەدەستهێنانی ماڵ وسامان وهێزوشتە ناوازەکان( دبليو،و.غنی:٢٠١٣،ل٢٥٠)

(رالف داهرندوف زانای کۆمەڵناسی ئەڵمانی دەڵێت : ململانێی کۆمەڵایەتی لەئەنجامی ون بوون و نەمانی هاوسەنگی و پێکەوە گونجان و یاسا وکۆبوونەوەی لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا(عبداللە:١٩٨٩،ل٣٩) لەڕەهەندی سیاسییەوە ململانێ دیاردەیەکی دینامیکییە، کێبڕکێیەکی تایبەتییە کە هەردوو لایەنەکە باش دەزانن و دڵنیان ڕاوسەرنجەکانیان ناگونجێن پێکەوە و سەبارەت بە کێشەچارەنوس سازەکان بیروڕایان وەک یەک نابێت، بۆیە هەر یەکەیان ناچاردەبن شێوازێک یان بڕیارێک بدات کە لەگەڵ بەرژەوەندی لایەنی بەرامبەردا نەگونجێت.(المشاط وخليفە:١٩٩٥،ل١٠) لێکۆڵەرەوانی ڕەهەندی ئەنترۆپۆلۆجیای ململانێ ،دەڵێن: ململانێ لەئەنجامی کێبڕکێی دوو لایەن یان زیاتر سەرهەڵدەدات، لێرەدا ئەو لایەنە کەسێک بێت یان خێزانێک ،یان بنەماڵەیەک بێت ، یان کۆمەڵگەیەک ..... یان لەوانەیە ململانێیەکە چینێکی کومەڵگە بێت،یان بیروڕایەک بێت، یا خێڵێک ،یان ئاینێک ،ڕێکخراوێکی سیاسی بێت،(عبداللە:١٩٨٩،ل٦٥) لێرەدا ململانێیەکە پەیوەستە بەئامانج و ئارەزووە چەسپاو وجێگرەکان، واتە بنجییەو بنەڕەتێکی قوڵی هەیە، تا ڕادەیەکی زۆر بەردەوامی لەخۆدەگرێت جیاواز لە جۆرەکانی تری ململانێ ، کە کاتیین و بەهۆی هەڵچونێک یان توڕەبونێکی کاتییەوە دروست بوون. لەگەڵ ئەوانەشدا هەندێکی تر هەن هەوڵدەدەن لە ڕووی لایەنی دەروونییەوە کە پەیوەستە بە پەیوەندی وەرگرتن و وەرنەگرتنی لەنێوان ئەو دوو لایەنەی ململانێیان هەیە ،گرنگی بەشیکردنەوەی ململانێ بدەن، لەئەم بۆچوونەشەوە پێناسەیەکی تری ململانێمان دەست دەکەوێت ، ئەویش : "ئاڵوگۆڕی دوژمنایەتییە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگە ، یان دەستەوچینەکان ،یان نەتەوەکان پێکەوە، تا دەگاتە ململانێی وڵاتەکان لەسەر هەموو ئاستەکان"(المشاط و خليفە:١٩٩٥،ل١٠) پوختەی وتەکان ئەوەیە ململانێ شێوەیەکە لەشێوەکانی نارەزایی وياخيبوون،سروشتی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی ململانێ دروست دەکات ، لەبەرئەوەی کۆمەڵگە لەچەند دەستەیەکی خاوەن بەرژەوەندی جیاواز پێکدێت. هەرچەندە زۆرجار بابەتەکانیش دەچنەوە ناو یەک چونکە هۆکارو سەرچاوەی ململانێیەکان هەندێ جار وەکو زنجیرەیەکیان لێ دێت بەڵام دەتوانین بڵێین جۆرەکانی ململانێ لە ڕووی مەبەستەوە ئەمانەن : کۆمەڵایەتی ، سیاسی ، ئابوری ، ئایینی ، ڕۆشنبیری ، ...... ،بەڵام لە ڕووی شێوەوە ململانێ دەکەین بەدوو بەشەوە : آ)ململانێی دەرەکی: ئەو جۆرەیە کە ململانێکە لەدەرەوەی کەسەکان ڕوودەدات واتە لەناو ژینگە و دەوروبەری، ب)ململانێی ناوەکی : ئەم جۆرەیان ئەو ململانێیانەیە کە لەناخ و دەروونی کەسەکەدایە. (ریفقی:٢٠١٧،ل٣٦)

شتێکی بەڵگە نەویستە کە کردەی ململانێ پێویستی بەچەند پایەیەک هەیە تا پرۆسەکە دروست بێت، ئەو پایەو کۆڵەکانەش :

١)پرۆسەکە پێویستی بەلایەنێک زیاترە (جگە لە ململانێی ناوەکی).

٢)بابەتێک یان شتێک هەبێت کە ئەو لایەنانە لەسەری جیاوازو ناکۆک بن ،ڕوون ودیاربێت .

٣)وهەر لایەنێک بۆی هەیە بەڕێگە و شێوازی جیاواز وهەمەجۆر بەرگری لە ڕاوبۆچوونی خۆیان بکەن جا بەقسەبێ ،یان چەک ،واتە بەشێوەی گفتوگۆ بێت یان شەڕوشۆڕ.

**تەوەری دووەم: پەیوەندی ئەدەب و کۆمەڵگە**

پەیوەندی نێوان چەمکی ئەدەب و کۆمەڵگە پەیوەندییەکی مێژووییە ، ئەدەب هەر لە سەردەمی سەرهەڵدانییەوە وەک دەزگایەکی کۆمەڵایەتی سەیرکراوە، بەواتاییەکی تر هەر لەوکاتەوەی مرۆڤ توانیویەتی لە دیاردەسروشتییەکانی دەوروبەری خۆی وردبێتەوە و درکیان پێ بکات بەرەو لای شیعر چووە ،شیعر تێکەڵ بە کۆمەڵگە بووە لە ڕێی سرووتە ئایینیەکان وئەو مراسیم و بۆنانەی لە جەژنەکاندا بەڕێوە دەچوون"هەندێ جار زۆر زەحمەت بووە یان زەحمەتە جیاوازی بکەین لە نێوان شیعر و مەڕاسیمی ئایینی یان کۆمەڵایەتی، یان شیعر و ئەفسانە ،شیعرو کار، شیعرو یاری" (عومەر:٢٠٠٦،ل١١٨) جگە لەوە لەسەرەتاییترین قۆناغی ژیانی مرۆڤایەتیدا هەوڵیداوە لەڕێی هونەرەوە لە واقیع تێبگات تا بتوانێت کۆنتڕۆڵی بکات ،لێرەوە توانا و گەورەیی مرۆڤمان لە قۆناغە سەرەتاییەکانی گەشەی بیری مرۆڤدا بۆ دەردەکەوێت کە هەمیشە هەوڵیداوە و دەستەوەستان نەوەستاوە،بەڵکو هەمیشە لەکاردا بووە بۆ ئەوەی بیرو ئەندێشەکانی خۆی بگەیەنێت لەڕێگەی وێنەوە خولیاو ئارەزووەکانی بەرجەستەکردووە، هەر وەکو دیارە لە سەردەمەکانی دواتری پێشکەوتنی مرۆڤایەتییدا، زۆربەی ڕێبازو قوتابخانە ئەدەبییەکان بە ئارەزوو وهیواو ئامانجی تاکاکانی کۆمەڵگەوە پەیوەست بوون، هەموو بزوتنەوە و چالاکییە ئەدەبی و هونەرییەکان بەرئەنجامی پێشکەوتن و گەشەکردنی قۆناغ لە دوای قۆناغی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتین، بۆ نموونە کاتێک باس لە سەرهەڵدانی ڕێبازی واقیعی دەکەین کە گرنگییەکی زۆری بە کێشەکۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤی هاوچەرخ دەدات و کاریگەری بەسەرهات و ڕووداوەکان لەسەر تاکاکانی کۆمەڵگە دەردەخات ، ئەوانە هەموو ئەو پەیامە دەگەیەنن کە پەیوەندییەکی دینامیکی بەهێز لەنێوان ئەدەب و کۆمەڵگەدا هەیە، بۆیە نە ئەدەب بێ کۆمەڵ و نە کۆمەڵیش بێ ئەدەب دەبێت ، هەر ڕۆژگاری مێژووی میللەتێک سەیر بکەین، شوێنەوارو کاریگەریی ئەدەب وهونەر دەبینین،ژینگە و قۆناغەمێژووییەکان زۆرجار هۆکاری سەرهەڵدانی جۆرێکن لەچەشن وجۆرەکانی ئەدەب کە پەیوەندیدارە بەئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاری خەڵک، وەک سەرهەڵدانی شیعری درامی لەسەردەمی شارستانییەتی یۆناندا،یان شیعری گۆرانی یا لیریکی وبەشداری کاریگەری لە بۆنەو جەژنەئایینی و بۆنەکۆمەڵایەتییەکان و چنینیەوەی بەروبوومی ساڵانەکردووە، جا ئەو ژانرانە تا ئێستا بەردەوام بن لە کایەئەدەبییەکاندا یان گۆڕانی بەسەردا هاتبێ یاخود ژانرێکی تر شوێنی گرتبێتەوە، ناتوانین نکوڵی لە کارتێکردن وکاریگەرییەکە بکەین، دیارە ئەو پەیوەندییە جدلییەی نێوان شیعرو ڕەهەندەکۆمەڵایەتییەکانیش هەر لە کۆنەوە لەسەردەمی ئەفلاتون و ئەڕستۆوە سەرچاوەی گرتووە، وای لە نوسەران و ڕەخنەگران کرد پێشنیاری چەندین قوتابخانەو تیۆری ئەدەبی بکەن بۆ لێکدانەوە ولێکۆڵینەوە لە شیعرو کاریگەری بەسەر کۆمەڵ وکاریگەری کۆمەڵ بەسەر شیعرەوە. لەدیاریکردنی ڕەگەزو هۆکاری ململانێ و ناکۆکییەکان بۆیان دەرکەوت کە ئەدەب دەتوانرێ لەلایەنی کۆمەڵایەتی وەک بابەتێکی بەسوود وبەکەڵک لە مەیدانی شیعرو ئەدەبدا بخوێنرێ. هەموو ئەو گۆڕانەی ناو خێزان وژیانی کۆمەڵایەتی وژمارەی دانیشتوان وپێشکەوتن و ئاوێتەبوونی چینەکان لەناویەکدا، کار لەسەر ژیان و ژینگەی ڕۆشنبیری شاعیرو شیعری کرد. دیاردەکۆمەڵایەتییەکانی وەک بێکاری وهەژاری ونەخوێندەواری ویاساکان و کۆچکردن وپێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بابەتی سەرەکی و مەبەستی شاعیرن بۆ تیشک خستنەسەر هەموو لایەنێکی کۆمەڵ ودیاردەکۆمەڵایەتییەکان، زۆرجار تەنیا مەبەستیان پیشاندان و خستنەڕووی ئەو دیاردە و

شتە نەشیاو وبزێوانەی ناو کۆمەڵ نییە ، بەڵکو لەگەڵیدا داوای چارەسەر یان دانان و پێشنیارکردنی ڕێگە چارەی کێشەکانیش دەکەن ،شاعیر وەک تاکێکی کۆمەڵگە هەست بەکێشەو گرفتەکان دەکات وخاوەنی پرسەگرنگەکانی سەردەمی خۆیەتی، بۆیە ئەرکی شیعر لێرەدا وریاکردنەوە و بانگەشەکردنی میللەت بوو بۆ گرنگیدان بە خوێندن و خوێندەواری و بەرهەڵستیکردنی دواکەوتوویی ودیاردە بزێوەکان"بەجۆرێک گوزارشتیان لەو بارە نائاساییە دەکرد کە بریتیی بوون لە هاندان و هۆشیارکردنەوەی خەڵک ولەبەردەم پێشهات و ڕووداوەکان، داواکردنی گەڕان بەدوای زانست و خوێندەواری وهەژاری و وەستان دژی هەندێ دابی کۆمەڵایەتی" (ئیسماعیل:٢٠١٠،ل١١٠) ئەمەش ئەرکێکی گرانی خستەسەرشانی نوسەران لەمەزراندنی حاڵەتەکانی ناخۆشی وهەژاری ومەینەتییەکانی ژیانی کۆمەڵگە،چونکە پێویستە"بەشێوەیەک وێنای واقیع بکات کە دووبارە دروستکردنەوە و بنیاتنانی پێوە دیاربێت، لەدواییدا بەجۆرێک ئەو واقیعە وێناکراوە ڕێکبخات و بیگێڕێتەوە کە خوێنەر بورووژێنێت، لەئەنجامیشدا بەرهەمێک لەدایک بێت کە ئامانجی نوسەرەکەی بێت" (مندور:١٩٧٣،ل٤٥)،هەر لەم بوارەدا بەشێکی زۆری ڕێبازە واقیعیە جۆربەجۆرەکان، هونەرو ئەدەبیان بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی تەرخانکردووە یان بەواتایەکی تر "بۆ خزمەتکردنی توانستە ماددی وڕۆحییەکانی کۆمەڵگەیە پێکەوە،هەروەها پێویستە ئەدەب و هونەر هاندەرێک بن بۆ جوڵاندنی توانای مرۆڤەکان بۆ داهێنانی ئەوەی دەشێت لەبواری جوانکاری و خێرو چاکەی مرۆڤایەتیدا دابهێنرێت" (مروە:١٩٨٦،ل١٥٣) لەم کاتەدا نوسەران هەریەکەیان بە پێی تێگەیشتن و بیروباوەڕی خۆیان چالاکانە بایەخیان دەدا بە خستنەڕووی گیروگرفتەکانی کۆمەڵ و دانانی ڕێگەچارەی گونجاو وەک خەمخۆرێکی ڕاستەقینەی گەل و کۆمەڵ، کەواتە لەلایەک بەرهەمەکان کاریگەرییان دەبێت بۆ سەر کۆمەڵ و لەلایەکی تریشەوە کۆمەڵگە بەکێشەو بابەتەکانی ئەرک و توانای بەرهەمەکان پیشان دەدات.

**تەوەری سێیەم/ پەیوەندی ئەدەب و ئایدۆلۆژیا**

ئاشکرایە کە ئایدۆلۆژیا بۆ خۆی تێڕوانین و هەڵوێستی دەستە و چینێکی دیاریکراو یان تایبەتی کۆمەڵگەیە لەبەرامبەر واقیعی ژیاندا ،بەمانایەکی تر "ئەو هەڵوێستانەیە کە مرۆڤ لە ئەنجامی وردبوونەوە و تێڕوانینەکانی لەبارەی تاک و گەردوون و کۆمەڵگە وەریدەگرێت" (البستانی:١٩٧١،ل١٣٢). شاعیریش لە ڕێگەی ئەزموونەکانی ژیانییەوە گوزارشت لە هەڵوێستەکانی دەکات، دەربارەی ئەو ژینگە و دەوروبەری کەتێیدا دەژی، بێگومان هەر شاعیرێک هەڵگری هەر دیدو ئایدۆلۆژیایەک بێت ، کاریگەری لەسەر جۆری بیرکردنەوە و چۆنیەتی بەرهەمەکانییەوە دەبێت، بۆیە پەیوەندییەکی دیالێکتیکی بەتین لەنێوان ئەدەب و ئایدۆلۆژیادا هەیە ،چونکە هەر ئەدەبێک پەیامێک دەگەیەنێت ،شاعیریش دەیەوێت لە ڕێگەی ئەو پەیامەوە خزمەتێک بە دەوروبەرەکەی ببەخشێت، هەر بۆیە لە ڕوانگەیەکەوە دەتوانین بڵێین :"نوسەر بەرهەمەکانی بۆ خودی خۆی نانوسێت،بەڵکو لە پێناو کۆمەڵگەکەیدا دەینوسێت، چەندیش لەبارەی تاکخوازی ڕەهای نوسەرانەوە بوترێت ڕاست نییە، چونکە دەیەوێت هۆشیارییەکی تەواو دەربارەی هەموو کێشە و ڕووداوەکانی کۆمەڵگە پیشان بدات، ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نوسەران بە شێوەیەکی سروستی کۆمەڵایەتین" (ضیف:١٩٦٦،ل١٩١)، بوونی ئەدیبان لەناو کۆمەڵگەدا هەر وا بێهودە و لە خۆڕا نییە، ئەوان دەستەبژێری گەلن ، ئەوان ئەو ئاوێنە پاک و بێگەردەن کە هەموو ئازار و

کێشه و گرفتەکان ، هەموو ئەو هیواو ئاواتانەی گەل دەخوازێت پێی بگات ، بۆیان وێنا بکات . سروشتی ئەو پەیوەندییەی لەنێوان ئەدەب و ئایدۆلۆژیا پەیوەندییەکی ئاسایی نییە،بەڵکو پەیوەندییەکی ئاڵۆزە وپێویستی بەشیکردنەوە ولێکدانەوە هەیە ،بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم قسەیەمان ، دوو تێڕوانینی جیاواز و دژ بەیەک باس دەکەین، یەکەمیان: پێیوایە " ئەدەبیات چ نییە جگە لە ئایدۆلۆژی لە قاڵبێکی هونەریی دیاریکراودا"(ئیگلتۆن و/یەعقوبی:٢٠٠٨،ل٤١) بەگوێرەی ئەم تێڕوانینە شوێنەواری ئەدەبی تەنیا دەرکەوت ودەمامکی ئایدۆلۆژییەکانی سەردەمی خۆیانن،بەڵام مەرج نییە هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گوزارشت لە ئایدۆلۆژیای سەردەم بکات، ئەمە زیادەڕۆیی تێدایە،بۆیە دەبێت شاعیر توانای ئازادی داهێنان و بیرکردنەوە لەدەست نەدات، بەجۆرێک داهێنان بکات کە ژیان بەبەر شیعرەکانیدا بکات،نەک تەنیا بە پێی داواکاری و ڕاسپاردە بنوسرێن ، چونکە ئەو کاتە تەمەنی کورت دەبێت ،پێویستە شیعر تێڕوانینی قوڵی هەبێت بەرامبەر ژیان و گەردوون،نەک هەڵچونێکی کاتی و هەست و سۆزێکی ڕووکەشانە بێت. تێروانینی دووەم :پێی وایە "هونەری ڕەسەن هەمیشە سنورەکانی ئایدیالۆژیکی سەردەمی خۆی دەبەزێنێ و ئەو ناسیاری و ئاشناییە لەمەڕ ڕاستییەکان بۆ ئێمە دەستەبەر دەکات کە ئایدۆلۆژی لەبەرچاومانی ون دەکات و لێمان دەشارێتەوە"( ئیگلتۆن و/یەعقوبی:٢٠٠٨،ل٤١) دیارە ئەم تێڕوانینە تەواو پێچەوانەی ئەوەی یەکەمە ،پێیان وایە لەجیاتی ئەوەی ئەدەب ئایدۆلۆژیایەکی دەمامکدار بێت، ئەوا پێویستە ئەدەب پەردە لەسەر لایەنە شاراوە ونادیارەکانی ئایدۆلۆژیا هەڵبداتەوە بە مەبەستەکانی ئاشنامان بکات، کەواتە پێویستە شاعیر سوود لە ئایدۆلۆژیا وەربگرێت بۆ فراوانکردنی ڕەهەندەکانی بیرکردنەوە وداهێنان، نەک سانسۆرێکی نادیاربێت،لەسەر خودی خۆیی و هەر دەقێک لەگەڵ ویست و بەرژەوەندی ئایدۆلۆژیاکەیدا نەبوو بیبڕێت،دەبێت بەرهەمی ئەدەبی ئەو توانایەمان پێبدات کەلە ئایدۆلۆژیا تێبگەین وبیناسینەوە ، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو زانیارییانەی کە پێمان دەبەخشێت. زۆرجار کە باسی ئایدۆلۆژیا دەکرێت ڕاستەوخۆ بیرمان بۆ لای فەلسەفەی مارکسیزم دەچێت، ئەمەش بە حوکمی ئ(وەی " مارکسیزم سیفەتی ئایدۆلۆژای بە ئەدەب بەخشی ،بەو پێیەی ئادۆلۆژیا ئامرازێکە بۆ ڕێنوێنی ئان بۆ کۆنترۆڵلردنی جەماوەر"(ئەسوەد:٢٠٠٩،ل١١٥) لە لایەکی ترەوە لە لای لایەنگرانی مارکسیزم ئایدۆلۆژیا بریتییە: "لە کۆمەڵێک لە بیروباوەڕی سیستەمێکی ڕامیاری یان ئابووری ..... ڕادەی فام و تێگەیشتنی مرۆڤ لە هەر سەردەمێکدا بە ئیدیۆلۆژیەوە بەستراوەتەوە" (سەجادی:٢٠٠١،ل٥٨) واتە بەلای ئەمانەوە ئایدۆلۆژیا مەیدانێکە بۆ ئەوەی مەعریفەی لەبارەی ژیانەوە لێ وەربگیرێت. تاوەکو وای لێدێت کە ئەدەب چەکێک بێت بۆ بەرگریکردن و خزمەتکردن بە ئایدۆلۆژیایی کۆمۆنیستی،بە تایبەتی لەسەرەتای ساڵی ١٩٣٢ ئەو تێروانینە بابەتیینە بڵاوبۆوە، کە"داوای لە ئەدیبان دەکرد ، واقیع بەرهەم بێننەوە و بەشێوەیەکی واقیعی وەسفی کۆمەڵگەی هاوچەرخ بکەن،هەر بۆیە ئەو ئەدەبەی لەژێر سێبەری بیروبۆچونی مارکسیەکاندا پەروەردەکرا ، تەنیا گوزارشتی لە ئایدۆلۆژیای چینایەتی دەکرد" (حجازی:٢٠٠٤،ل٤٠) بەو ڕادەیەی بازنەی داهێنانی ئەدەبی و هونەری بەرتەسک کرابووەوە کەلەسەردەمی ستالین دا "هەموو چالاکیە ئەدەبی و هونەری و کۆمەڵایەتییەکانی خستە ژێر ڕکێفی سانسۆری حیزب و دەوڵەتەوە ، ئەدەب و ڕەخنەی کردە ئامرازێک بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی چینی پرۆلیتاریا، ئاڕاستەکردنیان بەشێوەیەک کە لەدژی بەرژەوەندییەکانی چینی سەرمایەداری بوەستنەوە" (شراد:١٩٨٨،ل٢٣٤).شتێکی بەڵگە نەویستە هەموو کۆمەڵگە جیهانییەکان بەدەست ژمارەیەکی زۆری کێشە و گرفت و نەهامەتی وچەندین دەردی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە گیرۆدە بوون،ئەی لێرەدا ڕۆڵی نوسەران و شاعیران دەبێت چی بێت؟تەنیا بینەر بن ، بێگومان نەخێر چونکە " لەڕاستیدا لەسەردەمی ململانێکاندا دەژین، لەسەر نوسەرانیش پێویستە لەگەڵ ئازاری میللەتەکەیاندا لە ململانێدا بن.نەک تەنیا بەشێکی زیندوو

یەکانگیربن لەگەڵ ململانێکاندا ،بەڵکو لەناوخودی ململانێکانداین." (ضیف:١٩٦٦،ل١٩٢) لەململانێیەکانیشدا ئەوەی مەبەستمانە دیاردەکۆمەڵایەتییەکانە.

**بەشی دووەم / ململانێی دیاردەکۆمەڵایەتییەکان لە شیعرەکانی موفتی پێنجوێنی دا**

**تەوەری یەکەم: ململانێی دیاردەکۆمەڵایەتییەکان**

کاتێک دەمانەوێت باس لەململانێی دیاردەکۆمەڵایەتییەکان بکەین ،دەبێت دەربارەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بدوێین، کە بۆ خۆی دیاردەیەکی سروشتییە و سەرجەم دیاردە جیاوازەکانی بواری کۆمەڵگە و دەوروبەری دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، دەبێت بزانین گۆڕانی کۆمەڵایەتی هەموو "ئەو گۆڕانانەیە کە لەسیستەم و ڕیکخستنە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕوودەدات،جا ئەگەر ئەو گۆڕانە لە بونیاد یاخود ئەرکەکانییدا لەکاتێکی دیاریکراودا ڕوویدات، لەبەرئەوەی سیستەمەکانی کۆمەڵگە وەکو یەکەیەکی ئۆرگانی بەیەکداچوون، چ لە ڕووی بونیاد و چ لە ڕووی ئەرکەوە.بۆیە هەر دیاردەیەک توشی گۆڕان بێت زنجیرەیەک گۆڕانکاری تری لاوەکی بەدوای خۆیدا دەهێنێت" (استیتیە:٢٠٠٤،ل١٩) وەکو هەمیشەش وتراوە ئەدەب ئاوێنەی کۆمەڵە ، هەڵقوڵاوی ناخی کۆمەڵگەکەی خۆیەتی ،کەواتە گۆڕانی کۆمەڵایەتی پێویستییەکە لە پێویستییەکانی مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێ خۆی لەگەڵ هەلومەرج و بارودۆخە نوێیەکاندا بگونجێنێ و هەست بە نوێبونەوە و بەردەوامی بکات، چونکە بۆ خۆی مانەوەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی زامندەکات. گۆڕانی کۆمەڵایەتیش هەر وا بەئاسانی و کتوپڕ ڕوونادات ، بەڵکو بە چەند هۆکارێکی بابەتییەوە پەیوەستە و کۆمەڵێک پرەنسیپ و ڕێسای دیاریکراوی هەیە،ئامانجی گۆڕانی کۆمەڵایەتی باشترکردن و چاککردنی ژیان و گوزەرانی ئەندامانی کۆمەڵگە لەئێستا و داهاتوودا دەخاتە ڕوو، ئەو هۆکارانەی کە دەوریان لە وەدیهێنانی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا هەیە ،لەم چوار هۆکارەدا کۆ دەبنەوە: هۆکارە دەرەکییەکان ، هۆکارە ناوەکییەکان، هۆکارە تەکنەلۆژییەکان، هۆکارە هزری وفەلسەفییەکان.هەرچەندە سروشتی مرۆڤ حەزی لە گۆڕانکارییە ،بەڵام کەسان و دەستەیەکیش هەن ، تازەکان بەخێرایی قبوڵ ناکەن ،و بەئاسانی دەست بەرداری کۆنەکانیشیان نابن،بۆیە گۆڕانی کۆمەڵایەتی پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە،بەربەرەکانی و ململانێی زۆری پێویستە، لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕانخوازی پێویستی بە جۆرێک لە پاڵەوانێتی و لە خۆبوردن هەیە،کە خۆی لە ململانێی وەچەی کۆن و نوێدا دەبینێتەوە ، گۆڕانیش بەئاسانی ڕوونادات ،پێوستی بە نەترسان وجەربەزەییە.

شاعیرانی کورد هەر لەکۆنەوە جیاواز لە شاعیرانی کلاسیکی ئەوروپی ، لەبەرەی گەل و میللەت بوون ،بەرهەمەکانیان بۆ ئەوان و ڕەنگدانەوەی ژیانی ئەوان بوو،" شیعر تاقە هونەرێکە کە کاریگەرییەکی دیاری بەسەر کەسایەتی کوردییەوە هەیە،کەلە بەرایی مێژووەوە تەعبیرێکی ڕاستەقینەبوو لەڕەوتی کۆمەڵایەتی و گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگای کوردەواری"(عەبدولواحید و جمال:٢٠٠١،ل١٢٥) شاعیران هەمیشە هەوڵی چاکسازی و پێشخستنی کۆمەڵی کوردەوارییان داوە ، هەر لە حاجی قادر و پیرەمێرد و حەمدی و زێوەرەوە بیگرە تا دەگات بە موفتی و شێخ نوری وئەحمەد موختار و تەنانەت شاعیرە نوێخوازو هاوچەرخەکانیش ، دەستیان خستۆتە سەر گرفت وکێشەکانی کۆمەڵگە ، هەوڵی سارێژ و چارەسەرکردنیان داوە،شاعیر خۆی و بابەتە

شیعرییەکانیشی دەخاتە گەڕ لە پێناو خزمەت وسود گەیاندن بە ژیان و کۆمەڵ، تا کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە دروست بکات ودیاردە کۆنە نەشیاوەکان بگۆڕێت ، دیاردە کۆمەڵایەتییە دزێوەکانی ئەو سەردەمە وەکو: نەخوێندەواری ، هەژاری ، بێکاری ، ژن بە ژن ، دوو ژنی ،..... هتد ، کە هەندێکیان تا ئەم سەردەمەش هەر ماون ، شاعیران دژیان دەوەستنەوە دەکەونە ململانێ لەگەڵ کۆمەڵگە ، لەگەڵ نەیارەکانیان ،بۆ ئەوەی بیروڕای خۆیان سەربکەوێت ، بۆ ئەوەی گەل وشیاربکەنەوە،بەرهەمەکانیان هەندێجار شێوەی بانگەواز وەردەگرێت،دژی دەستەیەک یان چینێک کە ململانێ لەگەڵ شاعیر و بیری نوێخوازیدا دەکەن.

**تەوەری دووەم: ململانێی موفتی پێنجوێنی لەگەڵ کۆمەڵگە بە(گشتی ، چینێک )**

موفتی پێنجوێنی کەسێکی ڕۆشنبیر ، شاعیرێکی خاوەن هەڵوێست، خەمخۆری خەڵک ، لەناو کۆمەڵدا بووە، ئاگاداری کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگە بووە،خراپی بارودۆخی ئابوری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و نەبونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی ڕێگر بووە لە پێشکەوتنی کۆمەڵی کوردەواری لە هەموو بوارێکدا ، بەتایبەتی لەسەردەمی شاعیردا. یەکێک لەو ڕەگەزانەی شیکردنەوە ولێکدانەوەی بەرهەمی ئەدەبی لە تیۆری ڕەنگدانەوەدا ئاماژەی پێدەکرێت، ڕەگەزی (توخم ، دەوروبەر، سەردەم)ە،کە کاریگەری تەواوی بەسەر بیرو لێکدانەوەی شاعیر هەیە بۆ بەرهەم هێنانی دەقێکی ئەدەبی. پێکهاتەی کۆمەڵی کوردەواری بەسەر چەند توێژ و چینێکدا دابەش بووە، دەرەبەگ، دەوڵەمەند، هەژار، جوتیار ، ئەمانە چینە سەرەکییەکانی کۆمەڵی کوردەوارین کە هەست بە جیاوازیی ژیان و گوزەرانیان دەکرێ، لە دوایی حاجی و پیرەمێردە موفتی ڕیفۆرم خوازێکی چالاک وبەتوانا بووە، لەگەڵ ئەوەشدا قوربانی زۆری داوە ، زۆر دژی وەستاون ، "ڕوو بەڕووی گەلێک ئازارو ئەشکەنجە و تەنانەت زیندانی و دەربەدەریش بۆتەوە، تا ئەو ڕادەیەی هەڕەشەی کوشتنیشی لێکراوە"(موفتی ئا/ئاشنا و عەبدوڵلا:٢٠١٦،ل١٠) موفتی درکی بەوە کردووە کردنەوەی ڕەهەندێکی ئایندەیی گرنگ لەتاک وگۆڕانی ئێستا بۆ کێشەیەکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسی،ورزگارکردنی ئایندە لەچەمکە تەقلیدییەکانی گۆڕینی بۆ سەردەمی شارستانی و ڕۆشنبیری و سیاسی پێویست و گرنگە، وێناکردنی ئەمانەش وەک کێشە سەرەکی و بنەڕەتی کۆمەڵ بەئەرکی خۆی زانیوە باکی نەبووە لەوانەی دژایەتی دەکەن و ئازاری دەدەن بڕوای تەواوی بەومەبەست وئامانجە بووە کەهەوڵی بۆداوە،هەرچەندە هەندێ کات تووشی نامۆیی کۆمەڵایەتی بووە لەئەنجامی ئەو ململانێیانەدا کەلەگەڵ کۆمەڵگەدا ڕووبەڕووی بۆتەوە،کەهەستیکردووە بێتواناو بێدەسەڵاتە لەوەی بتوانێت کاربکاتە سەر بیروباوەڕ وئەو هەڵوێستەکۆمەڵایەتییانەی کە دەوریان داوە،ئەمەش بۆخۆی دەبێتە هۆی دەرچوون ولادان لێیان و ڕەتکردنەوەو دژایەتیکردنیان ، چونکە شاعیرناتوانێت لەگەڵ ئەو جۆرە ڕوانین وپەیوەندییەکۆمەڵایەتییانەدا هەڵبکات. هەرچەندە کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان زۆر و هەمەجۆرن، بەڵام ئێمە لێرەدا بەپێی پێویست باس لە هەندێکیان دەکەین، لەوانە :

١)**نەخوێندەواری /** خوێندن و خوێندەواری دوو بواری گرنگی پێشکەوتنی شارستانییەتن ، موفتی زۆر گرنگی پێداوە، هانی خەڵکی داوە بخوێنن ، بەباشی بۆی شیکردونەتەوە کە سودی خوێندن و

خوێندەواری چیە ، چونکە لەسەردەمی موفتی دا هێشتا خوێندەوار وەکو پێویست نەبووە ، خوێندنیش بە دیاردەیەکی پێویست سەیر نەکراوە ، بەتایبەتی خوێندنی قوتابخانە ، کە ماوەیەکیش خەڵک نارازی بوون و بەرگرییان کردوە لە کردنەوەی قوتابخانە ، پێیان وابووە کە شتێکی حەرامە و بیروبابەتی خراپ بڵاودەکاتەوە، بۆیە شاعیر دەکەوێتە ململانێ و ناکۆکی لەگەڵ خەڵکدا ،ئەیەوێت تێیان بگەیەنێت وپێیان بڵێت کەتەنها مەکتەب چارەسەرەو دەتوانێت لە دیلی و دواکەوتووی رزگاریان بکات ،لەچەندین شیعردا موفتی باس لەمانە دەکات :

لەرێی مەکتەب سەرم دانێم رەوایە
لەبۆ دەردی دڵم خاکی شیفایە
ئەگەرچی چەند کەسێک لێی نارەزایە
لەلای من کۆشکی پڕ شەوق و چرایە دیوانی موفتی ل١٢٩

ئەوەتا زۆر بەئاشکراو وراشکاوانە دەڵێت : من دەزانم مەکتەب شیفای هەموو دەردەکانە بۆیە ئەگەر سەریشم دابنێم لەرێیدا باکم نییە ، با کۆمەڵێک کەس دژی بن ، لە دێرەکانی دواتردا ئامۆژگاری کاکی کورد دەکات،کە ئەو بیرە خراپە لە مێشکی خۆت لابە، منداڵەکانتان بنێرنە بەر خوێندن با وەکو شوتی سپی بێ تام وناپوخت خام نەبن .

ئەتۆ ئەی کاکی کوردم ، پیاوی چا بە
لەمێشکی خۆت وەرە ئەم بیرە لابە
هەتا منداڵەکەت گەنج و شەبابە
بە تەحسیل و بەمەکتەب ئاشنابە دیوانی موفتی ل١٢٩

ململانێکە گەرمە وناکۆکی هەر هەیە ، موفتی لەگەڵ خەڵکدا ناکۆکە دەربارەی ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە نەشیاوە کە نەخوێندەوارییە ،بێ دەنگیش نابێت و هەر دەیەوێت وشیارییان بکاتەوە با خەڵکیش جنێوی پێ بدەن هەر بەردەوام دەبێت.

لەتاقەتما نەما بگرم زمانم
جنێوم پێ ئەدەن خەڵکی ئەزانم دیوانی موفتی ل١٣٠

لە شوێنێکی تردا دوبارە بایەخی خوێندن بۆ کورد ڕوون دەکاتەوە ، تا دەگاتە ئەوەی لێیان تورە دەبێ و جنێویشیان پێ دەڵێت ،لەشیعری (خوێندن) دا :

مەکتەب ژیانی میللەتە باخی حەیات و وەسڵەتە دیوانی موفتی ل١٢٧

تا دەگاتە کۆتایی شیعرەکە و دەڵێت :

ئەی کورد هەتا کەی غافڵی خۆ تۆ لە عومرا کامڵی
بۆ هیچنەزان و باتڵی تا کەی لەسەر ئەم حاڵەتە دیوانی موفتی ل١٢٨

کەواتە کورد ئەگەر لەسەر ئەو بیرە کۆنەی خۆی بمێنێتەوە نەزان و ناکامڵ دەبێت، موفتی ئەو قۆناغەی تێپەڕاندووە کە خوێندن تەنیا بۆ کوڕ بێت ، بەڵکو دەبێت کچانیش هەروەکو کوڕان مافی چونە قوتابخانەیان هەبێت ، لێرەدا ململانێیەکە قوڵتر دەبێتەوە، چونکە کۆمەڵگە ڕازی نین کوڕەکانیان بخوێنێت چ جای کچەکانیان ئەوە هەر بە کوفری تەواویان دادەنا، موفتی ئەوەی دەی وت بە بڕوای تەواوە جێبەجێشی دەکرد یەکەم کەس بوو کە قوتابخانەکرایەوە کچەکەی خۆی نارد بخوێنێت هەر وەکو چۆن کوڕانی تر دەخوێنن ،"موفتی لە خۆیەوە دەستی پێکرد کچەکەی نایە بەر

خوێندن،....... هەندێ دەیان وت موفتی کافرە لە دین لای داوە ، هەندێکی تر چوونی کچ بۆ قوتابخانە و دوور کەوتنەوە لەماڵ ، یانی بەدخووبوونی کچ ،فێری دڵداری و نامەنوسین دەبێ .... کەچی موفتی لەبەرامبەر ئەمانەدا بێباک و ئازایانە دەوەستا "(موفتی ئا/ئاشنا و عەبدوڵلا:٢٠١٦،ل٣٨) بێگومان موفتی زۆر جەنگاو وململانێی کرد و نەڕووخا ، شیعرەکانی چەکی دەستی بوون :

جاران ئەیان وت لە زەمانی زوو

گەر کچ بخوێنێ ، زوو ئەبێ بەد خوو

بەهۆی نوسینی نامەی پەنهانی

دێنێتە بەرهەم سەد دۆستی گیانی        دیوانی موفتی ل١٥٤

ئەم دیاردەیە بەشێکی زۆری شیعرەکانی شاعیریان داگیرکردوە، چونکە مەبەست و ئامانجی هەر سەرەکی و گرنگی موفتی بوون وزانیویەتی بنەمای هەموو گۆڕانکاری و پێشکەوتن و شارستانیەتیەک بە خوێندن و ڕۆشنبیرکردنی خەڵک دەبێت.

**٢)بێکاری /** دەردێکی ترسناک وسەرچاوەی زۆربەی کێشەو ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکانە ، ڕاستە لەڕواڵەتدا وەکو کێشەیەکی ئابوری کەموکورتی لەبواری داراییدا دەردەکەوێت بەڵام دواتر دەبێتە سەرچاوەی کانگایەک بۆ هەموو کێشەوگرفتەکانی تر ،بێکاری دیاردەیەکی جیهانییە، بەڵام ڕێژەکەی لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر دەگۆڕێت، هەرچەندە بە گرفتێکی ئابوری یە دەردەکەوێت، بەڵام دواجار هەموو گرفتەکانی تری کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەروونی بەدوای خۆیدا دەهێنێت،موفتی بەهەموو جۆرێک بەئاشتیانە بە توندوتیژی و شەڕ داوا لە خەڵک لە کورد دەکات بێ ئیش نەبن، با کار بکەن با بەرەنجی شانی خۆیان نان بۆ خۆیان پەیدابکەن ، نەک بە سواڵ و دەست پانکردنەوە لە کەسانی تر ،هەر کارێک دەکەن عەیب نییە ، عەیب و شورەیی ئەوەیە چاوەڕێی خەڵکی بێت بەخێر نانێکت بداتێ ، بۆیە دەکەوێتە ململانێ لەگەڵ بێکارە تەمەڵەکان ، جنێویان پێدەدات وهێرشیان دەکاتە سەر کە ئەوانیش پێویستیان بەگۆڕانە بەڵام وابەئاسانیش خۆیان نادەن بەدەستەوە،(ئەرکی کۆمەڵایەتی ئەدیب بریتییە لە بەئاگا هێنانەوەی ئەو کۆمەڵەی کەداهێنانە ئەدەبییەکان وەردەگرێت هانیان دەدات بۆ تێگەیشتن لەژیان لەپێناوی خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو ژیانەدا،لەڕێگەی ئەو دیدەی کەلەلایەن نووسەرەوە پێشکەش دەکرێت)(فرح وعبدالجواد:٢٠٠٩،ل١٦٠) بۆیە موفتی یش تەنیا مەبەستی ڕەخنەگرتن لەپێناوی ڕەخنەدا نەبووە، بەڵکو مەبەست وئامانجێکی گەورەتری لەپشتەوەیە ئەویش ئەو جیهانبینیەیە لەلای وەرگر کەهەوڵ بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی باشتروچاکتر بۆ تەواوی تاکەکانی دەدات.

قەزای دەزگاکەم لەکەسێ کەوێ

بەتاڵ ئەگەڕێ و ئەخوا و ئەخەوێ

گایەک بەتەنیا ئەخوا بەشەوێ

سەر زل و ملپان لێی پاڵ ئەکەوێ          دیوانی موفتی ل٢٥٤

لێرەدا زۆر جوان باسی گرنگی کارکردن دەکات هەر کارێک بێت کە بتوانێ بژێوی خۆی پێ دابین بکات ،ئەوەتا موفتی کەسێکی تەمەڵی بێکار دەکاتە قوربانی دەزگابچوکەکەی خۆی. یان لێرەدا لە وەڵامی نامەیەکی (قانع)ی شاعیر، کە پێی وتوە لەکاتی گەڕانم بەو لادێیانەدا ئازوقەو شتی زۆرم کۆکردۆتەوە بەشی ئەم زستانەی هەردوکمان دەکات، موفتی یش پێی دەڵێت: پێویستە مرۆڤ خۆی کار بکات وسواڵ نەکات ، نانی شان وماندووبونی خۆی بخوات دەڵێت:

نانێ کەبە گەڕ دەست بکەوێ گووی سەگی تێ بێ

سەگ لێت بوەڕێ و پیرەژنیش لێت بە دوعا بێ  دیوانی موفتی ل١١٨

لەدێڕێکی تردا دەڵێت: کەسێ ئەندامی جەستەی ساغ و سەلامەت بێت ، پێویستە کار بکات ،تۆ ئەگەر مرۆڤیت و تێدەگەیت و تەندروستیت باشە ئیش بکە ومنەتی کەس هەڵمەگرە.

قاچ و دەست وچاوی ساخ گەر بەشەری بیخەکار

منەتی عالەم بە هیچ هەر لە وەزیر تا بە شا    دیوانی موفتی ل٢٣٦

موفتی ڕقی لەو کەسانە بووە کە تەنیا کاریان خواردن بووە  وەک دەڵێن حازر خۆری بەر سێبەر بوون ،بێ ئەوەی خۆیان ماندوو بکەن یان بەخێر یان بەسواڵکردن دەستیان دەکەوێت.

**٣)مەلای فێڵبازوشێخی درۆزن /** هەرچەندە موفتی خۆی لەحوجرە خوێندوویەتی و چەندین لادێ گەڕاوە بەشوێن زانست و زانیاریدا ، بەڵام ئەوەی لا ڕوون و دیاربووە کە هەندێک لەو کەسانە ناونیشانەکەیان و پیشەکەیان بۆ مەبەست و بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکارهێناوە تا ئەو ڕادەیەی فێڵیان لە خەڵک کردووە، بەجۆرێک کاریان لە مێشک و دەرونی خەڵک کردوە کە زۆر زەحمەت بووە یان بڵێن مەحاڵیش بووە لە مێشکیاندا بسڕێتەوە،هەر لە دوعا ونوشتەکردن تا دەگات بە سیحر وهەندێ بابەتی ئەفسانەیی پڕوپوچ ،موفتی خۆی بۆ ناگیرێت   و دەست دەکات بە وشیارکردنەوەی خەڵک و لە پێنج خشتەکییەکی لەسەر شیعرێکی قانع

دەڵێت : من مەراقێ وا لەدڵما با نەبێ ئیتر نیهان

با لەهەر کووچەو کەنار و کۆمەڵێ بیکەم بەیان

نەشری کەم تەزویری شێخ و وەزعی ئاغا ومیرخان   دیوانی موفتی ل١١٤

بێگومان موفتی وریا و بەئاگا بووە، ڕۆشنبیرو بەهەڵوێست بووە، لەهەمووشی گرنگتر وڵات و خاک و نەتەوەی خۆی خۆشویستوە، دڵسۆز بووە بۆیە دەکەوێتە ململانێ لەگەڵ ئەو دەستە و چینە ، ئەوانیش دژایەتی دەکەن بێدەنگ نابن ، سروشتی ململانێش وایە هەر کەسە و لایەنە دەیەوێت خۆی سەربکەوێت، شێواز وڕێگەی هەمەجۆریش بەکاردێنن بۆ سەرکەوتن،موفتی دەڵێت :

شیعرو مەقالاتی من کوفرە لەلای بۆ خەبەر

بۆیە مودەعین بەمن تاقمێ شێخ و مەلا          دیوانی موفتی ل٢٢٧

تاقمێ شێخ ومەلا شیعرو قسەکانی موفتی بە کوفر دەزانن بۆیە لێی مودەعین و شکاتی لێ دەکەن ، لێرەدا ململانێیەکەی موفتی سەختە چونکە لەلایەک دژی ئەو چینەیە کە بەناوی مەلا وە هەر لەخۆیانەوە فتوای حەرام و حەڵاڵی دەدەن ، ئەو شێخانەی دەستی خەڵکی دەبڕن و بەناوی پیرۆزی وپاکییەوە پارە لە خەڵک دەستێنن ، کەدەبێت دژیان بوەستێت و کۆتایی بەو کارانە بهێنێت ، لەلایەکی ترەوە خەڵک ( کورد) ، وشیار بکاتەوە نەچن بۆ لای ئەوانە ، بەقسەیان نەک ، بەناوی ئایینەوە لەخشتەیان نەبن ، ئەمەش کارێکی ئاسان نییە ، ناتوانێت بەشەو و ڕۆژێک ئەو دیاردە نەشیاوە دزێوە بگۆڕێت،چونکە چۆتە مێشک وهزریانەوە، بەرگری دەکەن دژی موفتی وگۆڕانە نوێیەکە دەوەستن، بۆیە دیسان دەکەوێت ململانێ تا بڕوایان پێ بهێنێت.

هەموو فێڵ و قوماربازیت ئەبێ یەکسەر بەیانی کەم

ئەگەر سەد دەفعە ماچی کەی قوڕی ژێر کەوش وداوێنم

ئەگەر تۆ ئەهلی دینی ، خوێنی عالەم بۆ ئەکەی نۆشت

وەرە سەیری دڵی من کە ،کە چەند پاکو خاوێنم      دیوانی موفتی ل١٠٢

ئەمە لەشیعرێکدایە کە لە خانەقا توڕەبووە و سوێند دەخوات بەخوا کە جارێکی تر ناچێت بۆ ئەوێ وەهەرچی فێڵ و تەڵەکەکانیانە کە بەناوی دینەوە لە خەڵکی دەکەن موفتی بۆ خەڵکی دەردەخات ،وترسی نییە ئەگەر زیندانی بکەن یان لێشی بدەن ،ئەو هەر بەردەوامە، چونکە بەشێک لە ئەوان هۆکاری سەرگەردانی و نەهامەتی کوردن . کاتێک دەڵێت:

گەر دەپرسی باعیسی ئەم جەلب وسەرگەردانییە

تەکیە گووڕێژ وگسکچی خانەقای شێخانە کورد    دیوانی موفتی ل٩٥

کەواتە پێی وابووە کە کورد دەبێت ،خوێندەوار و وشیار بێت،خۆی کاروپیشەی هەبێت ، نەبەرد بێت ،گسکچی خانەقاکان نەبێت. ئەوەیە کەململانێیەکی موفتی ئاسان نەبووە، بەتەنیا ڕووبەڕووی کۆمەڵگە بۆتەوە شۆڕشێکی فیکری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی بەرپاکردووە،

لەشوێنێکی تردا مەلایەک بەناوی (مەلا قادری دێی ئارمردە) بەتەنها دژایەتی موفتی کردووە ، کەوتۆتە ململانێ و ناکۆکی لەگەڵی ، جگە لە شێوازی دەرەوە و بەرواڵەت و ڕاستەوخۆ ، نامەی شیعری بۆ ناردووە ، کەتێدا بەتوندی هێرش دەکاتە سەر موفتی وپێی دەڵێت:

ڕۆژی چوارشەمموی هەموو بەهارێ

عالەم ئەچوونە سەر شەخس بەجارێ

ئەمڕۆ شەخس و پیر باویان نەماوە

چاڵغی و عوود و تار لە ناوا باوە          دیوانی موفتی ل٢٠٦

مەلا قادر دژی بۆچوون و بیروڕاکانی موفتی یە ،شیعرەکە دوورو درێژە لەسەر هەموو بابەتەکانی وەکو : نەمانی چوونە سەر شەخس ، چوونە قوتابخانەی کچان ، چوونە سەیران ە گەرانی ژنان ، تەنانەت نوسینی نامەش بەزمانی کوردی، ناکۆکە و پێی قبوڵ ناکرێت، جونکە پێی وایە ئەوە نیشانەی

ئاخر زەمانە ، کە شتەکان وا گۆڕاون، بەڵام موفتی یش وەکو خۆی بە شیعر زۆر جوان وەڵامی دەداتەوە ولە دێڕیکدا دەڵێت :

جێگەی تۆ لەجێی چۆڵ ولاپەرە
کۆمەڵی دوورن وەک بزن و مەڕە
فەرمووتە کچان بۆ مەکتەب نەچن
کەی خوا فەرموویە خوێندەوار نەبن    دیوانی موفتی ل٢٠٨

موفتی وەکو خۆی لەسەر بنەمای دین وەڵامی مەلا قادر دەداتەوە ، کە ئەوانەی ئەو باسیان دەکات ، هیچیان دژی دین نین بەڵام تۆ لێیان تێنەگەیشتویت.

**تەوەری سێیەم: ململانێی موفتی پێنجوێنی لەگەڵ خودی خۆی**

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا خودی مرۆڤ لەخۆیدا خۆیەکی کۆمەڵایەتییە، لەناو کۆڕ و کۆمەڵگا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەردەکەوێت ، بۆیە دەکرێت بڕیاربدرێت کە ئەم خۆیە ئەنجامی ئاوێتە بوونی دوو هۆکاری بنەڕەتییە ، ئەوانیش :

١)هۆکاری دەروونی یان ناوەکییە :کە پەیوەندی بە ناخی دەرونی  مرۆڤەوە هەیە ، هەر تاکە کەسێک خاوەنی سیفەتێکی خۆیەتی کەجیاوازە لە کەسێکی تر.

٢)هۆکاری کۆمەڵایەتییە: ئەو چوارچێوەیەی مرۆڤ دەردەخات کە تێیدا دەژی لە پێکهاتەی کۆمەڵگە وژینگە و دەوروبەر . دیارە "تێکەڵاو بوونی ئەو دوو هۆکارە دەبێتە مایەی پەیدابوونی خۆی کۆمەڵایەتی"(عزیز:٢٠١٤،ل٢٨٤) خۆی کۆمەڵایەتی دوو جەمسەرە یەکێکیان نوێنەری خود دەکات ئەوی تریان هی کۆمەڵ ، هەرچەندە خۆی بەکۆمەڵەوە ببەستێت و ئازارو خەمەکانیان بخاتە ڕوو درک بەکێشەکانیان بکات کە خۆشی بەشیکە لەوان ، هەر ناتوانێت بە تەواوی دوور بێت لە هەندێ هەستی ناوەوەی خۆی ، وەک ئاشکرایە لای  هەمووان موفتی لەگەڵ زانست و خوێندەواریدا بووە بەهەموو جۆری دژی نەزانی و نەخوێندەواری بووە ، زانست لەسەروی هەموو شتەکانەوە داناوە ، کەچی لەپڕ چەند شیعرێک دەبینین ،پێچەوانەی ئەمەیە کە دەڵێت:

هێندە وەحش وسەرسەری بووم هەوڵی زانستم ئەدا

نەمئەزانی لێم ئەبێتە دەرد و ناسۆری گران

شەرتە تا ماوم لەمەولا بیری زانستی نەکەم

هێندە کەر بم بێنە سەیرم دەستە دەستە پیروجوان    دیوانی موفتی ل٢٤١

موفتی لێرەدا گرنگیدان بەزانست و خوێندەواری بەشتێکی بێ سود و بێ کەڵک دادەنێت ، لێی پەشیمانە کە ژیان وتەمەنی خۆی بۆ ئەوە تەرخانکردوە کەچی لە دەردو ناسۆری زیاتر هیچی لێ سەوز نەکردوە، پێم وایە ئەگەر بەوردی شیکردنەوە بۆ ئەم پارادۆکسەی شاعیر بکەین ، ئەم ململانێیەی لەگەڵ خودی خۆی ، دەتوانین بڵێین : شاعیر لە لایەک هانی کورد دەدات بۆ خوێندن و زانست بەڵام لە لایەکی ترەوە دەزانێت لەم سەردەمەی شاعیر تێیدا دەژی زانست ناتوانێ بیژێنێت ،

پارەی بۆ پەیدا ناکات ، بۆیە سودی نیە بگرە زیانیشی لێداوە،بەڵام ئەم هەستە ،ئەم بیرە لەهەموو کاتێکدا دەرناخات،ئەمەش ململانێی لەنێوان ئەو(Id) ومنی باڵا( Super Ego ) دا دروست دەکات لەناخی خۆیدا هەمیشە هەردوکیان ئامادەییان هەیە،هەمیشە ململانێ دەکەن،من (Ego) ئەرکێکی قورسی لەسەرشانە کەهاوسەنگی لەنێوان ئەو دووانەدا ڕابگرێت ،ئەوەتا لە دێڕێکی تردا دەڵێت :

هەر کەسێ پارەی نەبێ سەد عیلمی بێ دەرناکەوێ

هەر کەسێ پارەی نەبێ کار و قسەی سەر ناکەوێ دیوانی موفتی ل ٢٠٤

پارە لە پلەی یەکەمدا دادەنێت ، سەرچاوەی هەموو خۆشی و ئاسودەییەکە ،بە پارەوە دەردەکەویت و خەڵک دەتناسن ، بەپارەوە ڕێزت دەگرن و وقسەت دەڕوات ،ئەم بۆچوونە تەواو پێچەوانەی بیروڕاکانی پێشوویەتی کە خوێندنی بەلاوە گرنگ بوو ، لەپلەی یەکەمدا دایانابوو، تا دەگاتە ئەو ڕادەیەی پەشیمانە و سازش دەکات لەو بۆچوونەی و داوای لێبوردن لە پارە دەکا:

چاکە بمبەخشی لەمەوبەر نەمئەزانی قەدری تۆ

ئێستە تۆم ناسی کە خۆم بینی لەهەر کوچە وکەنار دیوانی موفتی ل٢٣٨

ئەوەتا لەدواییدا بڕوا بەوە بێنێ کە پارە هەموو شتێکە ، پێشتر چاک نرخ و بەهای پارەی نەزانیوە، بۆیە خۆی بەبێکەسی لە کوچە و کۆڵانەکاندا بینیەوە.

کەچی لەدێڕێکی تردا دەیەوێت ئامۆژگاری کوڕەکەی بکات ، دەڵێت:

غەیری عیلم و پارە فریای دەردی تۆ قەت ناکەوێ

شێت و وەحشی دەردەچی ئەم دوو شتە گەر ناتەوێ دیوانی موفتی ل٢٨٣

لێرەدا تا ڕادەیەک هاوسەنگیەک ڕادەگرێت، لەنێوان گرنگی و پێویستی (زانست و پارە) کە پێی وایە هەردوکیان فریای مرۆڤ دەکەون لە ژیاندا بۆیە ئامۆژگاری کوڕەکەی دەکات کە هەوڵ بۆ دەست کەوتنی ئەو دوو شتەبدات.

شاعیر ڕاڕا دەردەکەوێت، لەناخیدا جێگیر نییە ،هەندێجار نا هاوسەنگی لەبیروڕاکانیدا دەبینین،کاتێک دەڵێت:

سەودای دڵم بێت و لەدڵما نەبێ ساتێ

نایدەم جگەرە و قووتووەکەی خۆم بە سکەندەر

لاکین بەخودا پارەکە کرمێکە لەسەردا

نایەتە دەرێ تا دەگەیە ساحەیی مەحشەر دیوانی موفتی ل١٧٨

ڕاستە موفتی هەژار و بێ پارە بووە،بەڵام دەبینین لەم دێرەدا سەرەتا قوتوو و جگەرەکەی خۆی نادا بەهیچ شتێ تەنانەت بە سکەندەریش،کەچی دوایی پاساو دەهێنێتەوە بۆ خۆشویستنی پارە، کە هەموو پارەمان خۆش دەوێت و وەکو کرمێک وایە لەسەرماندا تا مردن و ڕۆژی مەحشەر لێی ڕزگار نابین،ئەمەش بۆ خۆی ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کەمرۆڤ شەیدای پارەیە،بۆیە موفتی کەوتۆتە ململانێ لەنێوان ئەو(Id) کە حەزت لەچییەو ئارەزووی چی دەکەیت بیکە ومنی باڵا( Super

Ego) دا کە خاوەنی ئاکارە بەرز وبەهاکۆمەڵایەتییەکانە بەهەموو ئارەزوویەک ڕازی نییەوڕایاندەگرێت وناهێڵێت دەربچن، ئەمانەلەناخی شاعیردا هەمیشە هەردوکیان ئامادەییان هەیە،هەمیشە ململانێ دەکەن،من (Ego) ئەرکێکی قورسی لەسەرشانە کەهاوسەنگی لەنێوان ئەو دووانەدا ڕابگرێت.

**ئەنجام**

١)دەتوانین شیعرەکانی موفتی بە وێستگەی هوشیارکردنەوە و هاندانی کورد بەگشتی و خەڵکی ناوچەکەی خۆی بەتایبەتی دابنێین ،بەمەش شۆڕشێکی فیکری و کۆمەڵایەتی بەرپا کرد،هەر خۆی بوو بەتەنها ،خۆی سەرکردە و جەنگاوەر بوو لەم شەڕو ململانێیەدا.

٢)کەسێکی بوێر بووە بەوردی ئەو دیاردانەی دەستنیشان کردووە .کە نەشیاون،قێزەونن، دژایەتی توندی کردون،کەوتۆتە ململانێ لەگەڵ کۆمەڵگەدا ڕووبەڕوویان بۆتەوە تا بیان گۆڕێت و چارەسەریان بکات.

٣)لەشیعرەکانیدا زیاتر گرنگی بە ناوەڕۆک داوە نەک ڕووخسار چونکە شیعر لای موفتی ئەرکی کۆمەڵایەتی هەیە شیعر هەڵوێست و پابەندبوونە ،نەک ڕەوانبێژی قوڵ ویاریکردن بە وشە، بۆیە بەزمانێکی سادە و نزیک لەخەڵکەوە نوسیوەیەتی.

٤)موفتی مرۆڤێکی سادەبووە، سەربەچینەهەژارەکەی کۆمەڵگە بووە،بەڵام لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە لەئاستێکی باڵادابووە،کەوتۆتە ململانێ لەگەڵ کۆمەڵگەکەیدا لەسەر دیاردەکۆمەڵایەتییە نەشیاو و دزێو ونابەجێیەکان لەوانە ململانێی خوێندن و نەخوێندەواری،کارکردن و بێکاری و تەمەڵی، بڕوا نەکردن بەبیروبۆچونە ئەفسانەییە کۆنەکان ،فێڵی هەندێ شێخ و بەناو مەلا، شیعرەکانیشی بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکردووە.

٥)موفتی جگە لەململانێی لەگەڵ کۆمەڵگەدا،زۆرجار لەگەڵ خودی خۆشیدا کەوتۆتە ململانێ هەندێ کات زانست بەپلەی یەکەم دادەنێت بۆ چارەسەری گشت کێشە ونەهامەتی و گرفتەکان بەڵام دوایی پەشیمان دەبێتەوە و پلەی یەکەم دەدات بە پارە و فلس و دینار کە بێ پارە هیچ نیت وهیچت بۆ ناکەن،ئەمەش جۆرێک لە پارادۆکس دروست دەکات، هەژاری و بێ دەرامەتی دەردێکی کوشندەیە وکاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە بۆسەر ژیانی مرۆڤ،کە ناخی شاعیر لەگەڵ واقیعی ژیانی کۆمەڵگەدا ناگونجێن.ناچار تووشی ئەو حاڵەتە دەبێت ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ململانێ لەنێوان ئەو(Id) کە حەزت لەچییەو ئارەزووی چی دەکەیت بیکە ومنی باڵا( Super Ego) دا کە خاوەنی ئاکارە بەرز وبەهاکۆمەڵایەتییەکانە بەهەموو ئارەزوویەک ڕازی نییەوڕایاندەگرێت وناهێڵێت دەربچن، ئەمانەلەناخی شاعیردا هەمیشە هەردوکیان ئامادەییان هەیە،هەمیشە ململانێ دەکەن،من(Ego)ئەرکێکی قورسی لەسەر شانە کەهاوسەنگی لەنێوان ئەو دووانەدا ڕابگرێت.

٦)شیعرەکانی نمونەیەکی بەهێزن بۆسەلماندن وپراکتیزەکردنی پەیوەندی نێوان ئەدەب وکۆمەڵگە،دەقەکانیشی بەوگیانەوە بەرهەمهێناوە کەهەست بەزیندوویەتی کارەکانی دەکرێت ولەوڕووەوە کەلەکۆمەڵ دابڕاو نەبووە.

سەرچاوەکان

کتێب بەزمانی کوردی /
١-تێری ئیگڵتۆن،و/عەبدولخالق یەعقوبی،مارکسیزم ورەخنەی ئەدەبی،دەزگای ئاراس، هەولێر،٢٠٠٨
٢-حمید عزیز، بنەڕەتەکانی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی،خانەی ئاوێر،هەولێر،٢٠١٤
٣- نەوزاد ئەحمەد (ئەسوەد)، سەرەتاییەک لەبارەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، بەڕێوەبەرێتی چاپ وبڵاوکردنەوەی سلێمانی ، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی . ٢٠٠٩
٤- نسرین رەئوف (ئیسماعیل)، ئەرکی شیعر ، دەزگای موکریان ، هەولێر، ٢٠١٠
٥-موفتی پێنچوێنی(دیوان)،ئا/ئومێدئاشنا و کامیل عەبدوڵلا،دەزگای ئەندێشە،سلێمانی،٢٠١٦

کتێب بەزمانی عەرەبی/
١-بتينا ای شميدت وانغو دبليو ،ت/د.هناء خليف غنى،انثربولوجيا العنف والصراع،دارالحكمة، بغداد،٢٠١٣
٢-جيرالدبرنس،ت/السيد الامام،قاموس السرديات،ميريت للنشر ،القاهرة،٢٠٠٣
٣-حسين مروه،دراسات نقديه فى ضوء المنهج الواقيعى،مؤسسة الابحاث العربية،لبنان،١٩٨٦
٤-دلال ملحس استيتية(د)،التغيير الاجتماعى والثقافى،دار وائل للنشر،الاردن،٢٠٠٤
٥-سمير سعدحجازى(د)، الادب والمجتمع المعاصر فى المصر،دار طيبة للنشر،٢٠٠٤
٦-شلتاغ عبود شراد(د)،مدخل الى النقد الادبى الحديث،دارمجدلاوى للنشر،عمان.١٩٨٨
٧-شوقى ضيف(د)،فى النقدالادبى،مكتبة الدراسات الادبية(٢٦)،مصر، ١٩٦٦
٨-عبدالخالق عبدالله(د)،العالم المعاصروالصراعات الدوليه،عالم المعرفة،كويت،١٩٨٩
٩-عبدالرحمن خليفه،ايدولوجيه الصراع السياسى،دارالمعرفة،١٩٩٩.
١٠-عبدالمنعم المشاط،ماهر خليفه،تحليل وحل الصراعات،المركز القومى لدراسات الشرق الاوسط ،القاهرة،١٩٩٥.
١١- محمد مندور(د)، فى الادب والنقد،الهيئة المصرية للكتب،القاهره،١٩٧٣
١٢- محمد سعيد فرح (ا.د)و مصطفى خلف عبدالجواد(ا.د) علم الاجتماع الادب،دارالمسيرة للنشر والتوزيع،عمان،٢٠٠٩
١٣-محمود البستانى،فى النظرية النقدية،مطابع الجمهورية،بغداد،١٩٧١

نامەی ئەکادیمی/
١-يان ريفقى،روايه الأرواح المتمرده:دراسه الصراع الاجتماعى،رسالة علميه،كلية الادآب والعلوم الانسانية،جامعة امام بنجول الاسلاميةالحكومية،٢٠١٧
گۆڤارەکان / بەزمانی کوردی
1-ئازاد عەبدولواحید،کوێستان جمال،سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی،٢٠٠١،گ/کاروان،ژ١٥٥
٢-بەختیار سەجادی،ڕەخنەی ئەدەبیی هاوچەرخ،٢٠٠١،گ/ڕامان،ژ/٥٥
٣-موحسین ئەحمەدعومەر(د)،ئەدەب وکۆمەڵگا،٢٠٠٦ ،گ/ڕامان،ژ/١٠٥

**Sarchawakan**

**Kteb bazmany kurdy**

1-Tiry eglton, w,abdwlxalq yaqwby, marksizm w raxnay adaby, dazgay aras, hawler, 2008.
2- hamed aziz, bnaratakany falsafay komalyaty, xanay awer, hawler, 2014.
3-nawzad ahmad aswad, saratayak la baray sosyolozhyay marefa, slimany, chapxanay rwn, 2009.
4-nasrin rawf esmail, arky sher, dazgay mwkryan, hawler,2010.
5- mwfty penjweny (diwan), omed ashna w kamel abdwlla, dazgay andisha, slemany,2016.

**Kteb bazmany araby**

1- shmidt, btena ay w dblyw, angw, t. hna xlif gany, anthropolpjya al onf wal sirae, dar alhikma, bagdad, 2003.
2- dbrnc, jer, t.alseed alemam, qamws alsardyat, meret alkashr, al qahira, 2003.
3- marwa, husen, drasat naqdya fy zawe almanhaj alwaqiey, mwasasa alabhath alarabya, lobnan, 1986.
4- astitia, dalal mlhs, aljagiir aljtmaey w alsaqafy, dar wael llkshr, Jorden, 2004.
5- hijazy, smer saed, aladab walmjtamae almwasir, dar taiba llnashr,2004.
6- shrad, Shltag abwd, madxal ela alnaqd aladaby alhadis, dar majdlawy llnashr, oman, 1988.
7- zif, shawqy, fy alnaqd aladaby, maktaba drasat aladaby, (26), misr,1966.
8- abdwlla, abwlxalq, al alm almasir walsiraat aldawlya, alm almarifa, kwait, 1989.
9- xalifa, abwlrahman, aydolojya alsirae alsyasy, dar almarifa, 1999.
10- almshat, abd almkem, xalifa, mahir, tahlil whal alsirarat, almarkaz alqawmy ldrsat alsharq al-Awsat, qahira, 1995.
11- mndwr, mwhamad, fy aladab walnaqd, alhaea almsrya llktb, qahira, 1973.
12- farah, Mwhamad saeed w abdljawad, mwstafa xalaf, elm aljtmae aladab, dar almaisara llnashr waltawzie, oman, 2009.
13- albstany, mahmwd, fy narya alnaqdya, matabe aljmrya, bagdad, 1971.

**Namay akadimy**

1- rifqy, yan, rywaya alarwah almwtamarida, drasa alsirae aljtimaey, risala alelmya, klya aladab wal elwm alnsanya, jamea emam bnjwl aleslamya alhkwmya, 2017.

**Govarakan ba zmany kurdy**

1- wahid, azad abwl w jamal, kwestan, sosyologyay shiry kurdy, 2001, govary karwan, zhmara 155.
2- sajjady, baxtyar, raxnay adaby hawcharx, 2001, gpvary raman, zhmara 55.
3- omer, muhsin ahmad, adab w komalga, 2006, govary raman, zhmara 105.